# سروودی نەورۆز و چۆنیەتی سەرهەڵدانی

ن: جەلال هانیسی

لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد (١٩٤٥-١٩٤٦) کۆمەڵێک ڕۆڵەی بە ئەمەکی نیشتمانی گەورە لە هەر چوار لاوە خۆیان گەیاندە کۆمار و وەک پێشمەرگە، لەبەرەوپێشچوونی کاروباری دەوڵەتی کوردستان، خۆیان بۆ خزمەتکردنی تەرخان کرد. لەوانە چەند ئەفسەری لاو و تێکۆشەری باشووری کوردستان، وەک: (١- مستەفا خۆشناو ٢- خەیرۆ عەبدولکەریم ٣- محەمەد قودسی ٤- عیزەت عەبدولعەزیز) هەموویان دەرچووی کۆلیجی سەربازیی سەدەمی بەکر سیدقی لە عێراق بوون.

پاش ڕووخانی کۆمار، ئەو چوار پێشمەرگە گەڕانەوە بۆ عێراق، دواتر لە لایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە بە هاوکاریی بریتانیایەکان گرتیانن و بە تاوانی یاخیبوون لە سپای عێراق و بەشداریکردن لە کۆماری کوردستاندا لە ١٩٤٧/٠٦/١٩لە شاری بەغدا لە سێدارە دران.

دژی ئەو نادادپەروەریەی داداگای عێراق، لە شاری سلێمانی، خۆپیشاندانێکی بێوێنە بە بەشداریی جەماوەرێکی زۆر ساز دەکرێ بەتایبەت کچان و کوڕانی خوێنگەرم، شەقامی شار پڕ دەکەن لە نەعرەتەی شێرانە، کە بە ساڵێ ڕاپەڕین ناو نراوە.

لەوکاتەدا مامۆستا پیرەمێرد(١٨٦٧-١٩٥٠) لە شکۆی جەماوەر دەڕوانێ، چاوەکانی دەبریسکێتەوە و هەستێکی سەیرلە ناخیدا

پەنگ دەخواتەوە، دواتر دەبێتە هۆی لەدایکبوونی شێعری نەورۆز.



 مامۆستا قادر دیلان(١٩٢٨-١٩٩٩) دەڵێ ساڵی ١٩٤٨ بوو، لەبەر درگای تیپی مۆسیقای "مەولەوی" لەگەڵ نەجاتی عەبدە وستابووین، مامۆستا پیرەمێرد هاتە لامان، وتی: هۆنراوەیەکم بۆ یادی نەورۆز و ئەو چوار ئەفسەرە قارەمانە کە "نووری سەعید" لە سێدارەی دان، نووسیوە، حەز ئەکەم ئاوازێکی بۆ دانیت و حەمەساڵح دیلانیش(١٩٢٧-١٩٩٠) بە دەنگە خۆشەکەی بیچڕێ.



بۆ نەورۆزی ئەوساڵە سروودەکە بە دەنگی مامۆستا ساڵح دیلان بە هاوکاریی تیپی مۆسیقای مەولەوی لەسەر مقامی ماهوور(عەجەم) تۆمار و بڵاو دەکرێتەوە. ئیدی سروودی نەورۆز دەبێتە مارشی ساڵی تازە و جێژنی نەتەوەییی کورد.

بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە، کە ئاوازەکە لەلایەن مامۆستا "حەمەساڵح"ەوە دانراوە ئەویش وتویە بەهاوکاریی قادری برام ئەو سروودەمان داناەوە. گرینگ نیە هیی کامیان بێ، گرینگ ئەوەیە ئەو دوو برا دڵسۆز نیشتمانپەروەورە، ئەو سروودە مێژووییەیان بۆ نەتەوەی کورد داناوە و هەموو ساڵێک لە کاتی نوێ بوونەوەی ساڵ و نەورۆزی کوردان ناوی ئەوان و مامۆستا پیرەمێرد سەرلەنوێ دێتەوە بیرمان.



دواتر حەسەن زیرەک(١٩٢١-١٩٧٢) کە بە تۆزێک دەسکاریەوە چ لە شێعرەکەدا و چ لە ریتمی سروودەکەدا لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی(١٩٦٥-٦) لەگەڵ تیپی مۆسیقای ڕادیۆ کوردیی کرماشان ئەچڕێتەوە.

بەهۆی دەنگی حەسەن زیرەک و مۆزیکەکەوە بەتایبەت سۆلۆی کەمانەکەی موجتەبای میرزادە(١٩٤٦-٢٠٠٥) ئیدی هەموو کوردستانی تەنی و بوو بە ڕەمزی نەتەوەیی، لە نەورۆزێکی ئاسایی و ساڵی نوێیەوە بوو بە نەورۆزێکی بەرخۆدان و مزگێنیدەری ئازادیی کوردستان.

هەموو سەرساڵێکی تازە خەڵکی کوردستانی گەورە بە حەماسەت و جۆشوخورۆشێکی بێ وێنە، یادی نەورۆز و ساڵی نوێ دەکەنەوە و بە بڵێسەی ڕووناکیی ئاگر، هەستی نەتەوەیی زیاتر لە دڵیاندا دەجۆشێ و بیری ئازادی لە مێشکیاندا فراوانتر دەبێ.

بۆ بەراوەردکردنی سروودی نەورۆز بە مامۆستا چالاک سەدیق مۆزیسین، وتم: لە بورای زانستی مۆسیقاوە، هەردوو دەنگ و مۆسیقاکەی هەڵسەنگێنێ. ئەویش ئاوا شرۆڤەیان کردووە:

شێوازو چڕینی سروودی نەورۆز لای هونەرمەند "حەمە سالح دیلان"

چڕینی سرووود نەورۆز لای دیلان لە ڕیتم و کێشی مارش و لە چینەدەنگی ( می ) و لەسەر پەیژەی مەقامی ( عەجەم – ماهور ) چڕیوەو تۆمارکردووە .

دیلان بەوردی دانی بەپیت و وشەکاندا دەنێت و بەهەست و سۆزێکی جوان کوردانەوە دەری دەبڕێت.

دیلان بەجوانی ئاوازەکەی ئاوێتەی هۆنراراوەکە کردووە بۆیە بەشی کۆتایی سەربەندی سرودەکە ڕیتمەکەی لەکێشی دوانییەوە دەبیتە کێشی سیانی.

تۆمارکردنی سروودەکە لەدەرەوەی دەزگاکانی ئیزگە و کۆمپانیاکانی تۆمارکردن کراوە لەشاری سلێمانی بەڕیکۆردەری بەکرەو شریتی گەورە لەجۆرەکانی گرۆندیک و هاوشێوەکانی بە سادەیی جێبە کراوە

دور لە سانسۆری دەوڵەتی و مەرجی نەبووە بۆ گۆرینی برگەکانی هۆنراوەکە بەئازادانە تۆمارکراوە.

شێوازو چڕینی سروودی نەورۆز لای هونەرمەند (حەسەن زیرەک)

زیرەک بەشێوازە تایبەتی و مۆرکە کوردیەکەی خۆی سروودی نەورۆزی چڕیوە.

سروودەکەی زیاتر دڵگیرترو بەناوباگتر کرد، کە شێوازێکی کوردەواری ئاوێتە بەئاوازی فۆلکلۆری کوردی تێیادا بەرجەستە کردووە.

ئەو ئاوازی نەورۆزی لە چینە دەنگی بەرزەوە لەسەر پلەی دەنگی ( لا) و لەسەر پەیژە و مەقامی ( عەجەم – ماهور ) چڕیوە.

چڕینی سرودی نەورۆز لای زیرەک دەچێتە قاڵبی گۆرانی نیشتمانیەوە.

زیرەک سرودی لە ستیۆدیۆ و بەیاوەریی هونەرمەندانی دەست و پەنجە رەنگینی وک میرزادە و هاوڕێیانی لە گروپی مۆزیکی رادیۆی کرماشان تۆمارکردووە. لەوسەردەمەدا ستیۆدیۆ و ئامیرەکانی تۆمارکردن هەندێک پێشکەوتن و گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو بەراورد بە سالانی پەنجاکان و لەماوەی ئەو هەشت نۆ ساڵەی بەراورد بەتۆمارەکەی دیلانی نەمرو تیپی مۆسیقای مەولەوی.

زیرەکی نەمر هەندێ گۆڕانکاری لەهۆنراوەکەی پیرەمیردی نەمردا کردووە بویە گۆرانکاری لەکیشی ئاوازەکە دروست دەبێت لە نیوان کێشی دوانی و سێیانیدا.

دانانی پێشەکی موزیکی سروودەکە لەلایان هونەرمەندی پایەبەرز میرزادەوە ڕەونەقێکی جوان و هونەریانەی بەخشیوە بەسرودەکە..

بۆ ئەم وتارە لەسەر ئەو چوار قارەمانە سوودم لە وتارێکی کاک شاسوار هەرشەمی لە ف،ب.

هەروەها کاک جەماڵ دەلاک مێژووی خۆپیشاندانەکەی بۆ ناردم.



کاک قادر نەسیرینیا نووسەری کتێبی ناڵەشکێنە، مێژووی تۆمارکردنەکەی زیرەکی بۆ ناردم.

بۆ وتووێژێکی مامۆستا قادر دیلان سووودم لە وتاری مەریوان مەسعوود وەرگرتووە.